زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر
Salahaddin University – Erbil

# گوندی مێرخوزار

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە

### لە بووارەکانی جوگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و سیاسی

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکراوە بە سەرۆکایەتی بەشی (مێژوو) وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی (مێژوو)

ئامادەکراوە لەلایەن قوتابی:

**ئەسما ئیسماعیل**

بەسەرپەرشتی:

**د.هۆشەنگ ساڵح نەجارٍ**

**ئایار - ٢٠٢٣**

بسم الله الرحمن الرحيم

وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ الْقُرَى الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا قُرًى ظَاهِرَةً وَقَدَّرْنَا فِيهَا السَّيْرَ ۖ
سِيرُوا فِيهَا لَيَالِيَ وَأَيَّامًا آمِنِينَ

القران الكريم سورة-سبأ ١٨

## پێشکەش

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە:

- ✓ دایک و باوکم کەوا هەردەم پاڵنەر و ڕێنیشاندەرم بوونە بۆ درێژە دان بە خوێندن.
- ✓ هەموو ئەو کەسانەی بەدوای زانست و زانیارییدا دەگەڕێن.
- ✓ سەرۆکایەتی بەشی مێژوو و مامۆستا بەڕێزەکان.

## سوپاس و پێزانین

- ✓ بۆ خوای گەورە و میهرەبان، کە یارمەتی داین بۆ ئامادەکردن و نووسینی ئەم توێژینەوە.
- ✓ دایک و باوکی خۆشەویستم کە ڕەنج و ماندووبونێکی زوریان لەگەڵمدا کێشا.
- ✓ سەرپەرشتیارەکەم د.هۆشنگ ساڵح نەجارٍ بۆ سەرپەرشتیکردن و پێدانی زانیاری و دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەم.
- ✓ هەموو ئەو هاوڕێ و کەسە خۆشەویستەکانم کە ئەگەر بەوشەیەکیش بێت یارمەتیدەرم بوون، بۆ ئەنجامدانی ئەو توێژینەوەیە.

## هێما کورت کراوەکان

**أ- هێما کورتکراوەکان بە زمانی کوردی**

| | |
|---|---|
| ل | لاپەڕە |
| ل ل | لاپەڕەکان |
| ب.س | بێ ساڵی چاپ |

## ناوەڕۆک

**بابەت**

**لاپەڕە**


پێشەکی ........................................................................................... (٨)

تەوەری یەکەم

ناو و جوگرافیا و مێژووی دروستبوونی گوندی مێرخوزار............................(١١)

تەوەری دووەم

لایەنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی گوندی مێرخوزار.........................................(١٦)

تەوەری سێیەم

لایەنی ڕۆشنبیری و سیاسی گوندی مێرخوزار.......................................... ...(٢٧)

ئەنجام ...............................................................................................(٣٤)

لیستی سەرچاوەکان و ژێدەرەکان...............................................................(٣٦)

**پێشەکی:**

گوندەکانی باشووری کوردستان بە درێژایی قۆناغەکانی مێژوو کاریگەرییان کردووەتە سەر تەواوی مێژووی کوردستان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی، ئەو ڕووداوانە فروان و گشتگر بوون کە تەنها لە ناوچەیەک قەتیس نەمابوونەوە، بەڵکو تاکی کورد لە گشت ناوچە جیاجیایەکان بەشدار بوون لەو پەرەسەندنانە.

گوندی مێرخوزار یەکێک بووە لەو گوندە کوردەوارییانەی دەشتی هەولێر، کە بەشداری باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستانی کردووە. چ لە ڕێگای بەشداری ڕاستەوخۆ لە ڕووداوەکان بوبێت، یاخود بەشدارییکردن بە شێوازی ڕۆشنبیریی و سیاسی، لە زۆر ڕووداو و گۆڕانکارییەکاندا. خەڵکی جووتیار و نیشتیمانپەروەری مێرخوزار جێپەنجەیان لە بووارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەر مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لە باشووری کوردستاندا دیار بووە، ئەمە وێڕای پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی گوندەکە، کە هەمیشە نموونەی گوندێکی کوردەواری دیاربووە، توانیویەتی تا ساڵانێکی زۆر پێگەی کەلتووری و داب و نەریتی باب و باپیرانی بپارێزێت.

هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گوندەکە، بۆ خوێنەرانی کورد ناڕوونە و کەمتر خراوەتە ناو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، ڕەنگە لای زۆربەی خەڵک ناوەکەش نامۆ بێت، کە ئایا ناوەکەی لە چییەوە هاتووە و کەوتووەتە کام شوێنی کوردستان؟ ئەمە لە کاتێکدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە ژیانی ڕۆشنبیری و سیاسی دەشتی هەولێر، سەرباری ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی هەیبووە کەچی کەمتەرخەمی کراوە لەوەی لەتوێژینەوەکانی پێشووتردا جەخت لەم گرنگی و کاریگەرییە کرابێتەوە . هیوادارم منیش دەرحەق بەو گوندە کەمتەرخەمیم نەکردبێت .

گرنگی ئەم بابەتە :

گوندی مێرخوزار یەکێکە لە گوندە دیار و ناسراوەکانی دەشتی هەولێر، کە ڕۆڵێکی دیاری لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ناوچەکەدا گێڕاوە، هەروەها خاوەن دەیان ڕۆڵەی نیشتیمانپەروەر و ڕۆشنبیری لێهاتوو بوو، کە ماوەیەکی زۆر لەو ناوچە لە خزمەتی بزاڤی ڕۆشنبیری و سیاسی کوردستاندا بوونە. ڕۆدانیشتووانی گوندەکە، لە

پێشەنگی ئەو کەسایەتییانە بوون کە توانیان بە ڕەنج و ماندووبوونی خۆیان جێپەنجەیەک لە کوردستاندا بکەنەوە .

هۆکاری هەلبژاردنی ئەو ناونیشانە :-

دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە من زۆرجار ناوی مێرخوزارم بەرگوێ دەکەوت، پرسیارم دەکرد ڕۆلی ئەم گوندە چی بووە؟، دواتر بۆ دەرکەوت کە گوندەکە ناوێکی ناسراوی دەشتی دزەییاتی هەولێر بووە، رۆلێکی دیاری هەبووە لە بواری ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریی و سیاسی هەولێر بەتایبەتی و کوردستان بە گشتی، بۆیە دوای ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستای سەرپەرشتیارم، بریارم دا توێژینەوەکەم لە سەر ئەم ناونیشانە بێت.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوە، لە پێشەکی و سێ تەوەر پێکهاتووە، هەر تەوەرێک دابەشی چەند باسێک کراوە، لەگەڵ ئەنجام و پاشکۆ و لیستی سەرچاوەکان، تەوەری یەکەم بەناوی جوگرافیا و مێژووی دروستبوونی گوندی مێرخوزارە، باسی هەریەک لەم لایەنانەی گوندەکە کراوە، بەتایبەت مێژووی دروستبوونەکە و ناوی گوندەکە کە لە چیەوە هاتووە. تەوەری دووەم باس لە لایەنی ئابووری و کۆمەلایەتی گوندی مێرخوزار دەکات، ئەویش لە چەند باسێک پێک دێت پێک، وەک بەشداری خەلکی گوند لە باری ئابووری ئەو ماوەیەی شاری هەولێر و کوردستان، وەک لایەنی کشتوکاڵ و ئاژەلداری و ڕۆلی ئەمانە بەگشتی. تەوەری سێیەمیش بە ناونیشانی (بارودۆخی سیاسی گوندی مێرخوزارە) ئەوەش لە چەند باسێک پێک دێت لەوانە رۆلی مێرخوزار لە ڕووداوەکانی (شۆڕشی چواردەی تەمموز، شۆڕشی ئەیلوول) هەروەها رۆلی خەلکی گوندەکە، لەم ڕووداوانەدا.

شیکردنەوەی سەرچاوەکان:-

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا، سوودی زیاترم لەسەرچاوەی مەیدانی و چاوپێکەتنە تایبەتەکان وەرگرتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە، بۆ کەمی سەرچاوەی نووسراو دەربارەی گوندەکە، ئەوەی لە هەموویان زیاتر سودم لێ بینی بێت، یەکێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی گوندی مێرخوزار بووە، بەناوی عەبدوڵلا سەعید، کە گەلێک بیرەوەری مێژوویی گوندەکەی لایە. هەروەها هەریەک لە کەریم قادر و لەتیف سەعیدیش زانیاری

گرنگیان بۆ ئەم توێنەوەیە دابین کردووە. لەگەڵ ئەمانەدا چەند کتێبێکیش سوودیان لێ وەرگیراوە، وەک کتێبەکەی عەبدوڵلا غەفوور بەناوی جوگرافیای گوندەکانی کوردستان و هۆشەنگ ساڵح نەجار، بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر و بیرەوەرییەکانی عومەر دزەیی و ئینسکلۆپیدیای هەولێر، هەروەها سوود لە چەند پێگەیەکی ئینتەرنێتیش وەرگیراوە، کە ئەوانیش هاوکاربوون، بۆ زانیارییەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە.

لە کوتاییدا ، ئەم توێژینەوە وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکە لە هەڵە و کەموکوڕی بە دەر نیە، ئەگەرچی هەوڵی زۆرمان داوە، تا دەکرێت لەم هەڵانە بە دووربین، لەو کەموکوڕییانەش ئەوەبوو، کە بەهۆی سەرقاڵی لە رادەبەدەرمان نەمانتوانی توێژینەوەی مەیدانی و چاوپێکەوتنی زیاتر ئەنجام بدەین. سەرەڕای ئەوەش هیوادارم خزمەتێکی زانستیمان لەم بابەتەوە پێشکەشک کردبێت.

## تەوەری یەکەم

## ناو و جوگرافیا و مێژووی دروستبوونی گوندی مێرخوزار

### ١. ناو و جوگرافیای گوندی مێرخوزار:

وشەی مێرخوزار، ناوێکی لێکدراوی کوردییە، لە میر + خوزار، یان مێر + غوزار، پێکهاتووە. مێر، کورتکراوە وشەی مێرگە، خوزاریش، واتا ئەو شوێنەی کە جۆگە و کارێزی تێدایە. شوێنێکی دڵرفێن و خۆش بووە بۆیە بەو ناوە ناسراوە[١]. لە فەرهەنگی هەنبانەی بۆرینەی مامۆستا هەژاردا[٢] بە هەمان واتا هاتووە، نووسراوە (چیمەن، مێرگ و گیاجاڕ)[٣].

بۆچوونێکی دیکە پێی وایە، ناوەکە لەوەوە هاتووە، کە ئەو گوندە لە کاتی خۆیدا، دوو جۆگەی تێدا بووە، ناویان (میر) و (خوزار) بووە، ناوی ئەو دوو جۆگە، کە ئاوێکی زۆریان

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵا سەعید محمد ٢٠٢٢/١١/٢٤لەهەولێر

(٢) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی کوڕی حاجی مەلا محەمەد (١٩٢٠-١٩٩١) بە ناسناوی "هەژار" شاعیر، نووسەر، وەرگێڕ، فەرهەنگ نووسی کوردە و و شیعرەکانی ئەحمەدی خانی ،وەفایی و مەلای جزیری کاریگەری لەسەر هەستی بووە.مامۆستا هەژار لە حوجرەی خانەقا و مزگەوتەکاندا فێری ئەلف و بێی نووسین دەبێ تا ئەوەی کە بەو ئاڵووگۆڕیانەی کە لەم سەردەمەدا دێنە ئاراوە پەڕیوەی کوردستانی گەرمێن و عێراق و سووریا دەبێت و لەم چەند ساڵەیئاوارەییدا ئەزمونێکی باش لە بواری ڕۆژنامەگەری، پتەو کردنی زمانی عەرەبی و بوونە ئەندام لە کۆڕی زانیاری کورد بۆخۆی وەدەست دەهێنێت. ئەوەی کە دەبێ لەسەر کەسایەتی مامۆستا هەژار دانی پێدا بندریت ئەوەیە کە هەژار بە نیسبەت ئەدیبان و نووسەرانی سەردەمی خۆی گەڕیدەترە و سەری بە زۆر شوێن و باژێراندا کردووە و ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەژار بە زۆربەی زاراوەکانی کوردی ئاشنا بێت و هەر بە زاراوەی سۆرانی و بن زاراوەی موکریانی قەناعەت نەکات. کاتێک کە لە نووسراوە و وەرگێڕانەکانی ناوبراو دەخوێنێوە بە جوانی ئەو شتە خۆی نیشان دەدات .ئەمڕۆ سەدەمین ساڵیادی لە دایکبوونی مامۆستا «هەژار موکریانی» کیمیاگەری ئەدەبی کوردییە(kurdpress.com)

(٣) مێرخوزار | هەنبانە بۆرینە | ڤەژینلێکس(vejin.net)

پێدا ڕۆییوە، بە تێپەڕبوونی کات بەسەر ناوی گوندەکەدا بڕاوە، هەر بۆیە بەو ناوە ناسراوە[٤].

سەبارەت بە شوێنی جوگرافی گوندەکە، مێرخوزار گوندێکە دەکەوێتە دەشتی هەولێر، یان زۆرجار (دەشتی دزەییاتیشی) پێدەگووترێت، سەر بە ناحیەی (قوشتەپە)[٥]یە، سەر بە قەزای مەڵبەندیی هەولێرە. لە باکوورییەوە، مەڵبەندی شاری هەولێرە. لە باشووریشەوە پارێزگای کەرکووکە. لە ڕۆژئاواشییەوە ناحیەی قوشتەپەیە. ئاقاری ئەم گوندە، لەگەڵ ئاقاری گوندەکانی گۆسکە و پیرداود و عەلیاوە مەردان و ترپەسپیان لە سەر یەکن. لە باکوورییەوە عەلیاوە مەردانە، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە گوندی گۆسگەیە، لە ڕۆژئاواشەوە، گوندی پیرداودە، لە باشووریشەوە گوندی پڵینگەیە. مێرخوزار، کەوتووەتە سەر هێڵی درێژی (٤٣٠٩٥١٤) و هێڵی پانی (٣٦٠٢٠٦). ڕووپێوی گوندی میر خوزار، ٣٣٨٩ دۆنمە، لە ٥٦ ماڵ پێکهاتووە، ژمارەی دانیشتوانی ١٨٠ کە سە[٦]

**باسی دووەم. تۆبۆگرافیا و جۆری خاکی گوندی مێرخوزار:**

سەبارەت بە ئاووهەوای گوندی مێرخوزار، بەهۆی ئەوەی گوندەکە سەر بە ناحیەی قوشتەپەیە، بۆیە بۆ زانینی لایەنە تۆبۆگرافییەکەی، پشت بە ئاماری سنووری پارێزگای هەولێر بەستراوە. بە گشتی گوندی مێرخوزار لە هاویندا وشک و گەرمە و لە زستاندا سارد و شێدارە. لە بەهار و پایزانیشدا مامناوەندە. باران بەڕێژەیەکی زۆر دەبارێت، ڕێژە

---

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ شەعبان عومەر فەرحان لە ٢٠٢٢/١١/٢٩ لە شاری هەولێر.

(٥) ناحیەی قوشتەپە لەرووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە دەکەوێتە باشوری شاری هەولێر و لە رۆژهەڵاتەوە بە زنجیرە چیای دیدەوان دەورەدراوە و لە روژئاواوە بە زنجیرە زورگێک دەورە دراوە کە بەزورگەزراو ناونراوە, و لە باشورەوە سنوری لەگەڵ سنوری ناحیەی پردێ یە . هەڵکەوتەی جوگرافی قوشتەپە وای کردووە کە شوێنیکی گرنگی هەبێت بە تایبەت لەرووی هاتووچۆوە، چونکە رێگای سەرەکی هاتووچۆی زۆر بەناو ناحیەی قوشتەپە دا دەروات ئەمەش وای کردووە گەشت کردن بۆ پارێزگاکانی دیکەی وەک کەرکوک , سلیمانی تەناتەت موسلیش کە بەرێگای شارۆچکەی مەخمورە ، کە دەتوانێت بە ئاسانی گەشتی بۆ بکەن. ئەمەش وای کردووە کە سودێکی ئابوری زۆری بۆ ناحیەی قوشتەپە هەبێت. سایتی قوشتەپە| پارێزگای هەولێر(Erbil Governorate (hawlergov.org - .

(٦) عەبدوڵڵا غەفوور، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٥، ل١٦.

هەرە بەرزەکەی (٤٨١) ملم باریوە. بەڵام بە گشتی تێکڕای بارانی ساڵانەی لە نێوان نیوان (٣٠٠-٤٠٠)ملم دایە. ئەمەش وایکردووە کشتوکاڵی باش بیت، بە هۆی بڕی باران بارینەوە. خاسڵەتەکاتی وەرزی زستانی بەوە جیادەکرێتەوە، کە هەرچەندە پلەی گەرمی لەم وەرزەدا، زۆر نزم دەبێتەوە، کە تێکڕای پلەی گەرمی لە وەرزی زستاندا دەگاتە (٩) پلەی ژێر سفر، بەڵام زۆر بە کەمی بەفری لێ دەبارێت، بەڵام لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر، لە وەرزی هاوینیشدا دەگاتە (٤٥) پلە، تێکڕای گەرمی کەڵەکە بوو ساڵانە دە گاتە (٤٥٠٠) [٧].

سەبارەت بە جۆری خاکەکەی، مێرخوزار، لەبەر ئەوەی سەر بەناحیەی قوشتەپەیە و لە مەڵبەندی ناحیەی قوشتەپەش زۆر دوور نیە، بۆیە جۆری خاکەکەیان هەر یەکە. ناحیەی قوشتەپە، دەکەوێتە ئەو ناوچانەی کە بەرزی و نزمی زۆری تێدانیە، زیاتر لە دەشتێکی بەرفراوان پێک دێت، تەنها ئەوە نەبێت کە لە هەندێک شوێندا بە هۆی کاریگەری باران هەندێک چاڵایی دروست بووە، کە لە وەرزی باران بارینا، ئاوی لەناو کۆ دەبێتەوە، تا درەنگانی بەهار لەناوی دەمێنیتەوە، خەڵکی ئەو ناوچەیە بەو کەندانە دەڵێن، کەندەک یان کەندار. خاکێکی زۆر باشی هەیە، کە بۆ کشتوکاڵ و کاری کشتیاری زۆر گونجاوە، خاکەکەی تێکەڵەیەکە لە خۆڵی سوور و خۆڵی زەرد، وەرزی پایز، کە بارانی پایزان لە هەردوو مانگی ئەیلوول و تشرینی یەکەم ئاوڕشێنی خاکەکەی دەکات، پەڵە دەدات و ئامادە دەبێت بۆ داچاندن، ئەم جۆرە خاکەی دەشتی هەولێر و دزەییاتی، لە وەرزی هاویناندا، ڕێژەیەکی زۆری شێی لە ناودا دەمێنێتەوە، واتە خاکەکە توانای هەڵگرتنی ئەم جۆرە شێیەی دەبێت، ئەمەش هۆکارێکی یارمەتیدەرە، تا لەم وەرزەدا، جگە لە ڕووەکی خۆڕسک، کشتوکاڵی دێمیشی تێدا بکرێت، واتە ئەو جۆرە کشتوکاڵەی پشت بە دەنکۆڵە شێیەکانی ناو خاک دەبەستێت، بۆ پێگەیاندنی بەرهەمەکەی، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دەوڵەمەندی خاکی گوندی میرخوزار و دەشتی هەولێر، بۆ کشتوکاڵ و دێمی[٨].

---

(٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد محەمەد مەحموود لە ٢٠٢٢/١٢/٢٤ لە شاری هەولێر.

(٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵا سەعید محەمەد ٢٠٢٢/١١/٢٤ لە شاری هەولێر

### ٣. پوختەی مێژووی دروستبوونی گوندی مێرخوزار:

گوندی مێرخوزار (بە ناوێکی دیکە)، مێژوویێکی کۆنی هەیە، بە جۆرێک تا ئێستا بە دروستی نازاندرێت، کەی دروست بووە. سەرچاوەیەک پێی وایە کە لەسەردەمانی کۆندا ئەم گوندە لەگەڵ گوندی گۆسکەی هاوسنووری یەک بوونە، گوندی گۆسکەش چەندان شوێنەواری سەردەمانی کۆنی ئاشووری لێ دۆزراوەتەوە. کەواتە ئەگەر مێرخوزار بەشێک بووبێت لە شارستانییەتی دەوڵەتی ئاشووری، دەبێت مێژووی ئەم گوندە بۆ زۆر پێش هاتنی ئیسلام بگەڕێتەوە، واتە بۆ سەردەمانی پێش زایین. بەڵگەش بۆ ئەمە بوونی چەند شوێنەوارێکی کۆنە لە گوندەکەدا، وەک شوێنەواری گردی شێخ ڕەسوول و گۆڕستانی بابی شێتە و غەرابە یان (شوێن ئاوەدانییەکی وێرانبوو)، بەناوی زەرکە و چاکێکی کۆنی لێیە بەناوی چاکە غەریبە و عەردێکی لێیە بەناوی شیری ڕەش. بەڵام پێدەچێت گوندەکە، ماوەیەک بەر وێران بوون کەوتبێت و چۆڵ کرابێت، شوێنەواری نیشتەجێبوونی تێدا نەمابێت. لە قۆناغێکی دیکە جارێکی دیکە ئاوەدان کراوەتەوە[٩].

سەرچاوەیەکی دیکە پێی وایە ئەم گوندەکە، پێش٣٠٠ ساڵ، واتە سەردەمی عوسمانییەکان، ئاوەدان کراوەتەوە و بە موڵک هی بنەماڵەی سوڵتان ئاغای قورشاغلوویی بووە. کە یەکێک بووە لە نەوەکانی عەلی بەگی برای حەسەن پاشای دیابەکری. کە لە ناوەکەی دیارە ئەم بنەماڵە لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە، لە باکووری کوردستانەوە هاتوونەتە ئەو ناوچەیە، موڵکایەتی بەشێک لە دێهاتەکانی ناوچەکەیان لە ئەستۆ گرتووە، کە یەکێک لەوانە گوندی (مێرخوزار) بووە، وەک موڵکایەتی کاری کشتوکاڵییان لێ کردووە، بێگومان لە ڕێگەی سەرکار و جووتیار و پاڵەکانییانەوە، گوندی مێرخوزاریان ئاوەدان کردووەتەوە. بەڵام دیارە هەڵکشان و داکشانەکانی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو، ئەم بنەماڵەیە لەو شوێنە نەماونەتەوە[١٠].

---

(٩) هەمان سەرچاوە.

(١٠) ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب١، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩، ل١٢.

دوای نەمانی موڵکایەتی بنەماڵەی سوڵتان ئاغا، بە هۆکارێکی جیاواز، گوندی مێرخوزار کەوتووەتە بن دەستی بنەماڵەی فارس ئاغای ئۆمەرە، دەکاتە باوکی حاجی پیرداود، باوکی مەعرووف ئاغای مێرخوزاری[١١].

عومەر دزەیی[١٢]، لە زمانی (کاپتن های) کە لە دەوروبەری ساڵانی بیستەکان، حاکمی هەولێر بووە، دەربارەی حاجی پیرداود ئاغا دەڵێت: حاجی پیرداود ئەم پیاوە زۆر دەستی ناڕوا، بەڵام ناکرێ پلە و پایە و کاریگەریی پشتگوێ بخرێ. پیاوێکە لە قسە کردندا ڕاشکاوە و کەسایەتییەکی بەهێزی هەیە بەڵام شارەزاییەکی ئەوتۆی نییە، دەڵین موڵکێکی باشی هەیە و فەلاحەکانیشی خۆشیان دەوێت، هێزەکەشی لەوەدایە کە ژمارەیەکی زور لە گوندی هەیە (کە گوندی مێرخوزار یەکێک لەو گوندانە بووە-ت)، کە یان ڕاستەوخۆ یان بە ڕێگای جەماعەتی خۆی و سەرکارەکانی بەڕێوەیان دەبا." مەلا خالیدی مورتکە، لە لاپەڕە ٣٠ ی دە ستنووسەکەیدا، تەنیا بە دوو دێڕ ناوی پیرداوداغای هێناوە دەڵێت: حاجی پیرداودی ئۆمەراغای لە ساڵی (١٣٤٠)ی هیجری وەفاتی کرد، شەش کوڕی لە پاش بە جێما : حوسێن، مەعروف (ناسراو بە مەعرووف ئاغای مێرخوزاری)، حەسەن، مستەفا، مەحمود[١٣]

---

(١١) هەمان سەرچاوە، ل١٢.

(١٢) گۆرانیبێژ و سیاسەتمەداری باشووری کوردستانە، لە ساڵی ١٩٣٦ لە گوندی دووگردکان لە دەشتی هەولێر لەدایکبووە. هۆمەر دزەیی زیاد لە ٥٠ ساڵی ژیانی لە هەندەران ژیاوە و بڕوانامەی زانستی سیاسی لە ڤیێنا بەدەستهێناوە. ماوەیەک لە بەشی کوردیی ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا کاری کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٦ بووەتە ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری ئێراق، جەلال تاڵەبانی. هۆنراوەی گۆرانییەکانی هۆمەر وێنەی ڕووت و ئیرۆتیکا دەخاتە بەردەم گوێگر، هەربۆیە هەندێک کەس بە پێشەوای ئەم بوارەی دادەنێن لە گۆرانی کوردی. لەبەرامبەردا لەلایەن کۆمەڵە کەسانی دیکەشەوە ڕەخنەی لێ گیراوە. بەشێکی زۆر لە ئاوازی گۆرانییەکانی هۆمەر دزەیی لە مۆسیقا ڕۆژاوایی یان بیانییەکان وەرگیراوە. هۆمەر لە چاوپێکەوتنەکانی ناوی سەرچاوەی ئاوازەکانیشی هێناوە. هۆمەر دزەیی - ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد(wikipedia.org)

(١٣) هۆمەر دزەیی، لە دووگردکانەوە بۆ بنی دونیا، دەزگای فام، هەولێر، ٢٠٢٠، ل١١٠.

**تەوەری دووەم.**

## لایەنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی گوندی مێرخوزار

گوندی مێرخوزار، نموونەیەکی بچووکی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، هەمان ئەو سیمایانەی کە لە تێکرای کۆمەڵگادا هەن، لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە گوندی مێرخوزاریشدا، بوونیان هەبووە. لە ڕووی ئابوورییەوە کۆمەڵگای کوردەواری زیاتر پشتی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەستووە. لە ڕووی کۆمەڵایەتییشەوە، پابەندبوون بە دابونەریت و ئایین، دوو بنەمای سەرەکی ناو کۆمەڵگان و لە زۆربەی دێهاتەکانی کوردستانیشدا، ئەو بنەمایانە سیمای سەرەکی ناو ئەو کۆمەڵگایانە بوونە. بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەو بابەتە هەردوو لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی گوندی مێرخوزار بە نموونە وەردەگرین.

**باسی یەکەم. لایەنی ئابووری:**

لە گوندی مێرخوزاردا، سەرچاوە سەرەکییەکانی ئابووری، هەردوو لایەنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوونە، زۆربەی خەڵکی ئەم ئاوایيە، بە یەکێک لەم دوو لایەنە خەریک بوونە، ئەمەش سیمایەکی تەواوی بە گوندەکە بەخشیوە، کردبووی بە کۆمەڵگایەکی بچووکی کشتوکاڵی. بۆیە لە باسی یەکەمدا باس لە بابەتی کشتوکاڵی دەکەین:

**١. کشتوکاڵ:**

وەک لە پێشدا ئاماژەمان پێی کرد، کە خاکی دەشتی هەولێر بە گشتی، بە گوندی مێرخوزاریشەوە، بۆ کشتوکاڵ گونجاو بووە. کەشوهەواکەشی لە هەردوو وەرزی زستان و هاویندا، یارمەتیدەرێکی سەرەکی ئەو بابەتە بووە. هەربۆیە کشتوکاڵکردن بە بڕبڕەی پشتی دانیشتوانی مێرخوزار دادەنرێت. هەر لەکۆنەوە دانیشتووانی ئەم دێیە خەریکی کاری کشتوکاڵکردن بوونە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو کات خەڵکەکە هیچ کارێکی دیکەیان نەبووە،

بیکەن، وەکو ئێستا نەبووە، بۆیە کاری کشتووکاڵی تاکە سەرچاوەی دابینکردنی بژێوی خەڵک بووە (بەتایبەت گەنم و جۆیان چاندووە) [١٤].

کاری داچاندنی زەوی لە وەرزی پایزدا دەستی پێدەکرد، سەرەتا دەست دەکرا بە کاری کێڵان، لە گۆندا بەهۆی گاجووتەوە زەوییان دەکێڵا، کە بریتیبوو لە بەستنەوەی گاسن بە دوو گای بەهێز یان هێستر و گوێدرێژ، ئینجا زەوییەکەیان دەکێڵا. ئەمەش کارێکی زەحمەت بوو، ماندووبوونی زۆری دەویست، پاشان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ژیان، تراکتۆر و خەرماشە، پەیدابوون، کە کاری کێڵانیان زۆر ئاسان کرد[١٥].

پاشان لە هەمان وەرزدا، کاری چاندنیش ئەنجام دەدرا، بەتایبەت دوای ئەوەی کە بارانی پاییزان (ئەیلوول تا کانوونی یەکەم)، زەوییەکەی نەرم دەکردەوە، دەیانگووت پەڵەی داوە. زەویش کاتێک پەڵەی دەدا، کە بارانێکی باشی پاییزان بباریبا، هەندێک جار دەگووترێت مەبەست لە پەڵە ئەوەیە، کە ئاو بەقەد قووڵایی گۆڕی مرۆڤێک، بچێتە ناخی زەوی ئەوساکە دەڵێن، پەڵەی داوە. دوای داچاندن، ئینجا خۆڵەکەیان بەسەر دانەوێڵەکە دادەدایەوە، واتە دایاندەپۆشی، پێیان دەگووت (خرت)، ئەمەش لە ترسی باڵندە وایان دەکرد[١٦].

دوای کێڵان و داچاندن، وەرزی زستان دەهات، خەڵک لەو کاتەدا بێکار دەمانەوە، تاکو کۆتاییەکانی وەرزی بەهار، ئیتر لێرەوە، کارێکی دیکە دەستی پێدەکرد ئەویش کاری دروێنەکردنی دانەوێڵە بوو، کە لە دەشتی هەولێر و گوندی مێرخوزار پێی دەڵێن (دروونە). بۆ دروێنەکردن پشتیان بەهێز و بازووی خۆیان دەبەست، زۆربەی جار بە شێوەی هەرەوەزی و گەلەکاری کارەکانیان دەکرد و هەر ڕۆژە و گەنمی ماڵێکیان دروێنەدەکرد. دروێنە لە گۆندا، بەر لە هاتنی ئامێری دەڕاسە، بە دەست دەکرا، ئامرازێکیان بۆ دروێنە بەکاردەهێنا پێیان دەگووت (داس)، ئەوەی داسەکەی لەدەست بوو پێی دەگوترا (سەپان)، پیاوان زیاتر کاری دروێنەیان دەکرد، ئافرەتانیش کاری کۆکردنەوەی گەنمیان ئەنجام

---

(١٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم قادر ئیسماعیل ٢٠٢٣/١/١٥ لە شاری هەولێر.

(١٥) هەمان سەرچاوە.

(١٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیف سەعید محەمەد ٢٠٢٣/١/١٥ لە شاری هەولێر.

دەدا[١٧]. زۆرجاریش لە کاتی کارکردندا، گۆرانی فۆلکلۆرییان لەبەر خۆیانەوە، دەچڕی، وەک ئەو گۆرانییەی کاتی دروونە:

**هە دروونە دروونە دروونە**

**دەسکێ داسێم (بەڕوو) نە[١٨]**

لەگەڵ بەکارهێنانی داسدا، جۆرە ئامێرێکی دیکەش بەکاردەهات، پێیان دەگووت (قەیناغ) کە کە وەک دەستەوانە وابوو، جووتیاران لە پەنجەیان دەکرد، بۆ ئەوەی لەکاتی دروێنە زیانیان پێنەگات. (داس) بە گشتی لە ئاسن دروست دەکرا، بەڵام دەسکەکەی دار بوو. ئەوەی تریان لەپێستە دروست دەکرا. دوای دوورینەوە، قۆناغی کۆکردنەوەی گەنمەکە دەستی پێدەکرد، پێیان دەگووت (شەغرە)، شەغرەکەیان لە شوێنێک کۆ دەکردەوە پێیان دەگووت (جۆخین). کاری شەغرەکێشان (١٠-١٢) ڕۆژی دەخایاند. دواتر بە ئامێرێک گەنمەکەیان دەکوتایەوە پێیان دەگووت (جەنجەڕ) [١٩]. ئەمەش نزیکەی ٢٠ ڕۆژی دەخایاند. دواتر شەنەبایان دەکرد، گەنم و کایەکان لەیەک جیا دەکردەوە، ئەمەش نزیکەی مانگێکی تری دەخایاند هەتا خاوێن دەبووەوە. بەئێستر و گوێدرێژ دەیانهێنا ماڵەوە دواتر

---

(١٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ خەسرۆ خورشید ٢٠/١/ ٢٠٢٣ لە شاری هەولێر.

(١٨) هەمان سەرچاوە.

(١٩) جەنجەڕ: ئامێرەکی کوردەواری کۆن و دێرینە، کە بیرۆکەی کورد بووە و لە شێوەی (دەڕاسە) کار دەکا، لە دار و بزماری گەورە و ئاسن دروست دەکرێت، تۆپەکی هەیە لەخوارێی دەخرێت و پێی دەرێن تۆپی جەنجەڕی کە دارەکی ئەستوورە. باڵتە دەسووڕێ و وەک چەقو وایە و سەرەکانی تیژە، کاری ئەو باڵتانە وردکردنی ئەو قەسەرەیە کە لەسەری دەڕوا، ئەوسەر و ئەوسەری کونە و جەنجەڕەکەش کلچوکەی هەیە و دەچێتە ناو دارەکە، دەسووڕێت و  قەسەرەکەی هورد دەکا، ئەولاو ئەولای حوشترەی جەنجەر، دەغر دەهێنرێ و هێستر رایدەکێشی و دەسووڕێ، هەرچەندە قرشەکە هوردتر دەکا و تیژ تر دەبی، دەبی چەور بکرێ نەوەک ژەنگی هەربینی، زیاتر بە دوو ئێسترە  یان گا یان کەر لۆ ڕاکێشانی جەنجەرەکەی بەکاردەهێندرێت، لەکوردستان دروست دەکرێت و هەیە و پێشتر کاری پێکراوە، پێش دەراسە پەیدا بووە، ئێستاش لەهەندە جێیان کاری پێدەکرێ لەوجێیانەی کە دەراسە نایگاتێ، پێش جەنجەڕ (چان) هەبووە، چان لە دار و کەبەر چاککرایە، کەبەر جۆرە دڕکەکە چاک دەکرا و توند دەکرا و لە هێستر دەخرا لۆ ئەوەی گەنم و جۆی لە قەسەرەکە جودا ببیتەوە. کایەکەی سەرەوە لۆ گیاندارانە و ئەوەی لە خوارێش دەمینێتەوە دەبێتە جۆ و گەنمی ساف. وەرگیراوە لە پەیجی فەیسبووکی (عەنتیکەخانەی کوردەواری).

کایەکەیان دەهێناوە، ئەویشیان حەمباڵ دەکرد، وەک خۆراکی ئاژەڵان بەتایبەت مەڕ و ماڵات بەکاردەهات. پاشان بەشێک لەو گەنمەیان جیا دەکردەوە، ساوارییان لێ دروست دەکرد. لە هاوینانیشدا کاری شینایی دەستی پێدەکرد، کاری شینایی، واتە چاندنی سەوزە، وەک بامیە و باینجان و تەماتە و بیبەر و خەیار و پیاز، دەکرا. هەروەها هەندێک شینایی دێمیش دەکرا، وەک، گندۆرە و تەرۆزی، کە پێویستی بە ئاودان نەبوو، خۆی بە شێوەیەکی خۆڕسک پێدەگەیشت[٢٠].

سەبارەت بە سەرچاوەکانی ئاوی کشتوکاڵی، زیاتر دێیەکە پشتی بە ئاوی باران بەستووە، کە باران لە هەرسێ وەرزی پاییز و زستان و بەهار، ئاودێری دەغڵ و دانی دەکرد. هەروەها زۆرجار ئاوی کارێز و بیر و پاشماوەی ئاوی باران، لە نێو کەند و چاڵاییەکاندا، بەتایبەت لە وەرزی هاویناندا، بۆ هەمان مەبەست سوودی لێ وەردەگیرا[٢١].

### باسی دووەم. ئاژەڵداری لە گوندی میر خوزار:

ئاژەڵداری یەکێک بوو لە چالاکییە ئابوورییەکانی گوندی مێرخوزار. کە بە تەواوکەری کاری کشتووکاڵی دادەندرێت هەندێکجار پێویست ناکات لە یەک جیابکرێنەوە. مێرخوزار بەهۆی ئەوەی زەوییێکی بەرفراوانی هەیە، لەوەڕگای باشی تێدابووە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ سوودی زۆری لێ وەرگیراوە. هەرئەمەش یارمەتیدەر بووە، کەوا خەڵکی گووندەکە، لە پاڵ کاری کشتووکاڵی، کاری ئاژەڵدارییش بکەن و بەم کارە خەریک بن.

لە گرنگترین ئەو جۆرە ئاژەڵەی لە گوندی مێرخوزاردا بەخێوکراوە، ئەمانەبوون، مەڕ و بزن و ڕەشەوڵاخ (چێڵ و مانگا) و پەلەوەر. بەلایەنی کەم هەر ماڵێک، بۆ پێداویستییەکانی ژیانی خۆی، هەندێکیانی ڕاگرتووە. هەشیان بووە، زیاتر لە کاری کشتووکاڵی بایەخی پێداوە و ژمارەیەکی زۆریان لێ ڕاگرتووە. خەڵکی گوندەکە بایەخی تایبەتیان بە بەخێوکردنی مەڕ داوە، چونکە مەڕ بەخێوکردنی ئاسانە، بەپێچەوانەی ڕەشەوڵاخ. بەجۆرێک کە هەر ماڵە و هەندێکی هەبوو. خەڵکی گوند، هەر لە وەرزی بەهارەوە تاکو پاییز، بە شێوەی ڕۆژانە، لە بەری بەیانیان زووەوە، دوای ئەوەی

---

[٢٠]) چاوپێکەوتن لەگەڵ لوقمان عومەر عەبدوڵڵا ٢٠٢٣/١/٢٠ لە شاری هەولێر

([٢١]) هەمان سەرچاوە.

مەڕوبزنەکانیان دەدۆشی، شوان دەیبردن بۆ دەشت و دەر بۆ لەوەڕاندنیان. دوای ئەوەی شەو دادەهات، دەیان هێنانەوە ماڵەوە، لەلایەن ئافرەتانەوە دەدۆشران و شیرەکەیان دەکردە پەنیر و ماست، دوای ئەوەی بەشی پێویستی خۆیان دەگێڕاوە، ئەویتریان بە مەبەستی فرۆشتن بۆ هەولێر دەنارد. تەنانەت هەندێکجار ماستی گوندی مێرخوزار و دەشتی هەولێر بە گشتی، بەتایبەت لە ساڵانی پەنجاکان تا هەشتاکانی سەدەی بیستەمیش. بەهۆی شەمەندەفەرەوە دەناردرایە شاری بەغداد و باشووری عێراق، کە بە (لبن اربیل) بەناوبانگ بوو، باشترین جۆری ماست بوو، لە سەرتاسەری عێراق ناوبانگی هەبوو. کاتێک دەبووە وەرزی هاوین، شیر کەم دەبووەوە، ماستەکەیان بەمەشکە دەهەژاند و ڕوونەکەیان لێ دەگرت، بۆ وەرزی زستان هەڵیاندەگرت. هەر لە شیری ئەو ئاژەڵانە، بەرهەمی (دۆ)ش دروست دەکرا، کە (کەشک)یان لێ دروست دەکرد[٢٢].

وە هەروەها لە دوای نەورۆز، کاری مەڕبڕینەوە دەهاتە پێشەوە، کە پێیان دەگووت (جەوبڕان). لە وەرزی جەوبڕانییدا، خوری مەڕ دەبڕنەوە. خاوەن ئاژەڵەکە چوار بۆ پێنج کەسی تایبەت بەم کارەی لە گوندەکە کۆدەکردەوە، یەکێکیان پەلی مەڕەکانی دەبەست، پاشان چەند خوولەکێک لەبەر هەتاو، دایان دەنان، تاکو ئارەقە بکەن، ئەو کات بڕینەوەی خوش دەبوو. (جەو) مقەسێکی تایبەتی مەڕبڕینەوە بوو، ئەو کەسەی کارەکەی دەکرد. پێی دەگوترا جەوبڕ دوای بڕینەوە، مشتێک خۆڵەمێشیان لەلەشی ئاژەڵەکە دەدا، بۆ ئەوەی یەکسەر ڕۆژ لە پێستەکەی نەدات. ئەگەر لەکاتی بڕینەوە، مەڕەکە بریندار بایە، ئەوکاتە بە (خوێ)، یان بە (کەرە)، یان بە (تەنی)، یان هەر بە (ڕیخ)ی خۆی، تیماریان دەکردن. ئەو ڕۆژە خاوەن مەڕەکە، بەرخێکی بۆ جەوبڕەکان سەر دەبڕی، بە پڵاوساوار بۆی لێدەنان. سەری بەرخەکەشیان بەکولاوی دەهێنایە پێش، بۆ ئەوەی جەوبڕ بزانێت، بەرخی بۆ سەربڕاوە. دواتر خورییەکەیان دەبردە هەولێر دەیان فرۆشتە (دەباغخانەکان) [٢٣] و دەباغچییەکان[٢٤].

---

([٢٢]) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵا سەعید محەمەد ٢٠٢٢/١١/٢٤ لە شاری هەولێر

([٢٣]) دەباغخانە: شوێنی خۆشکردن و ئامادەکردنی پێستەی ئاژەڵەماڵییەکان، وەک چێڵ و مەڕ و بزن.

([٢٤]) چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیف سەعید محەمەد ٢٠٢٣/١/١٥ لە شاری هەولێر.

مەڕومالاَت لە مانگی تشرینی دووەم، دەست بەزان دەکەن، هەمووشی لەیەک کاتدا نیە، هەندێک کات دەکەوێتە وەرزی زستان، یان سەرەتای بەهار، لەوکاتەدا نەریتی نۆماستە پەیدادەبێت، سێ ڕۆژی یەکەم، ماست بەسەر دەرودراوسێکان دابەش دەکرێت، هەر ماڵێک بۆی بچووبایە، قاپەکەی بە نەشۆردراوی دەگەڕاندەوە، هەروەها چنگە خوێیەکیان لە قاپەکە دەکرد و ڕەوانەیان دەکردەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، تازە نمەکمان و نمەکتان تێکەڵ بووە، چاوزار کارناکاتە سەر ماستەکەتان. هەروەها نەریتێکی دیکەی ئاژەڵدارەکان، نوابوو، کە لە وەرزی زاوزێ، خاوەن ئاژەڵەکە مەڕێکی سەر دەبڕی، دەیکردە چێشت دراوسێ و ئاژەڵدارەکانی دەوروبەری داوەت دەکرد[٢٥].

یەکێکی دیکە لە بەرهەمەکانی ئاژەڵداری، بەخێوکردنی پەلەوەر بووە، پەلەوەر هەموو جۆرە پەلەوەرەکان دەگرێتەوە، وەک (مریشک و قاز، عەلەشیش، مراوی، چین و ماچین)، کە بەخێوکردن و ڕاگرتنیان، تەنیا بۆ مەبەستی گۆشت نەبووە، بەڵکو سوودی تریان هەیە، بەگشتی پەلەوەر بۆ سێ مەبەست بەخێو دەکرا. یەکەمیان، بەخێوکردنی پەلەوەر بوو بۆ گۆشتەکەی، واتە تەنها بۆ ئەم مەبەستە ڕایان دەگرت. دووەمیان بۆ هێلکە، کە هێلکەکە یان دەخورا، یان دەفرۆشرا. سێیەمیان، بۆ مەبەستی زیادکردن و پاشان فرۆشتنەوەیان بوو، جا یان هەر لەناو گوند دەیانفرۆشت، یان بە هەمان شێوەی ماستەکە، دەیاننادردە شار و لەوێ دەیانفرۆشت[٢٦].

کاری ئاژەڵداری بێ کێشە نەبووە. هەندێکجار مەترسی بۆ ئەم سەرچاوە بژێوییە دروست دەبوو. بەهۆی ئەوەی نەخۆشی لەناو ئاژەڵەکان بڵاودەبووەوە. کە دەبووە هۆی مرداربوونەوەی ژمارەیەکی زۆری ئاژەڵەکان، ئەمەش زیانێکی گەورەی بە خەڵکی گوندەکە دەگەیاند. یان هەندێکجار باران بەپێی پێویست نەدەباری و وشکەساڵی دروست دەبوو. بەمەش ئاژەڵداران تووشی گرفتی لەوەڕ دەبوونەوە[٢٧].

---

(٢٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ بورهان ئیسماعیل محەمەد ٢٠٢٣/١/٢٠ لە شاری هەولێر

(٢٦) هەمان سەرچاوە.

(٢٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕزگار سەعید ٢٠٢٢/١٢/١٤ لە شاری هەولێر.

**باسی سێیەم. لایەنی کۆمەڵایەتی گوندی مێرخوزار:**

**١. لایەنی هۆزایەتی:**

سەبارەت بەوەی کە هەر لە کۆنەوە، چ هۆزێک لە دەشتی هەولێر نیشتەجێ بووە، سەرچاوەکان کەمتر ئاماژەیان بەوە داوە. بەڵام سەبارەت بە خەڵکی گوندی مێرخوزار، زۆربەی هەرەزۆری لە هۆزی (گردەوان)ن تەنها کەمێکیان نەبێت لە هۆزەکانی (شێروانی) و (بندیان)ن. کە پێدەچێت دوای هۆزی (گردەوان)، هاتبنە گوندەکە[٢٨].

سەبارەت بە بنەچەی هۆزی (گردەوان) کە زۆرینەی گوندی مێرخوزار لەم هۆزە پێکدێن، دەگوترێت کە ئەو بنەماڵەیە کاتی خۆی، بەشێک بوونە لە هۆزی (ئاکۆ)، واتە لە دەوروبەری ڕانیە و دەشتی بتوێنەوە کەوتوونەتە دەشتی هەولێر، بۆیە خۆیان بە بەشێک لە هۆزی ئاکۆ دادەنێن. بەڵام سەرەتای هاتنیان بۆ دەشتی هەولێر زۆر ڕوون نیە. هۆکارەکەی ئەوە بووە، کە هۆزی ئاکۆ هۆزێکی کۆچەری بووە، کوێستان و گەرمیانیان کردووە و بە دوای لەوەڕگادا گەڕاون، لەوانەیە بەهۆی باشی لەوەڕگای ناوچەکە، دەشتی هەولێرییان بە گونجاو زانیوە و لێی نیشتەجێ بوونە. کە ئەم کۆچەش بۆ زیاتر لە ١٠٠ تا ١٥٠ ساڵ دەگەڕێتەوە[٢٩].

هەر سەبارەت بەم هۆزە، لە (ئینسکلۆپیدیای ئازاد)ی فارسی، ئاماژە بە چەند ناوچەیەک لە خاکی ئێران بەو ناوە دەکات، بەو شێوەیە:

کردوان ناوی سێ گوندی دەشتی (کاکی)ی پارێزگای بوشێهرە لە ئێران، لەم بەشانە پێک دێت: (گردوانی سەروو، گردوانی خواروو، گردوانی ڕەئیسی). هەروەها ناوچەیەکی دیکەش هەیە لە قەفقاز بە هەمان ناو، بەناوی کردوانی (قەفقاز)، کە ناوچەیەکی نیشتەجێبوونە لە شاری ئیسماعیلی (ئازەربایجان). هەروەها گوندێکیش بەو ناوە هەیە، بەناوی (گردوان گەرمسەر)، لە ناحیەی گوندنشینی بەشی ناوەڕاستی شاری گەرمسار لە

(٢٨) هەمان سەرچاوە.

(٢٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕزگار سەعید ٢٠٢٢/١٢/١٤ لە شاری هەولێر.

پارێزگای سێمنان. ئەگەرێکی زۆر هەیە، ئەم هۆزە لە یەکێک لەم ناوچانە، ڕوویان کردبێتە دەشتی هەولێر[٣٠].

سەبارەت بە هۆزی شێروانی، ئەم هۆزە لە سەرەتاوە، لە باکووری کوردستانەوە ڕوویان کردووەتە (ناوچەی بارزانی ئێستا لە پارێزگای هەولێر)، پاشان بەشێکیان کۆچیان کردووە، بەرەو باشوور و ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکە، هەندێکیان لە دەشتی کۆیە، بەشێکی دیکەشیان لە دەشتی هەولێر و کەندێناوە و قەراج نیشتەجێ بوونە. سەبارەت بە گوندی مێرخوزاریش، چەندماڵێکی سەر بەو هۆزە نیشتەجێ بوونە[٣١].

سەبارەت بە هۆزی بندیان، ئەوانیش هۆزێکی گەورەن، ئەم هۆزە بە ڕەچەڵەک دەگەڕێنەوە سەر هۆزە ئاشوورییەکان و لەسەر ئایینی مەسیحی بوونە، و دوای ئەوە بوونەتە موسڵمان، ژمارەیەک لقیان هەیە، بەشی زۆریان لە دەشتی کەندێناوەی هەولێر لە دێهاتەکانی ئازیکەند و لاوەر و خدرجیجە دەژین. بەشێکیان لە دەشتی دزەییاتی و شاری هەولێریش دەژین. کە یەکێک لەوانە گوندی (مێرخوزار)ە[٣٢].

دیارترین کەسایەتییەکانی ئەم هۆزانە لە گوندی مێرخوزار ئەمانە بوون، سەرەتا هەر لە ساڵانی سییەکانەوە موختاری ئەو گوندە شێخ محەمەد ئیسماعیل بوو، دواتر بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە، نوورەددین محەمەد بووەتە موختاری گوندی مێرخوزار، لەسەردەمی نورەددیندا، پێنج ڕیشسپی هەبوون، کاروباری گوندەکەیان بەڕێوەبردووە، ئەوانیش ئەمانەبوون: جەمیل کەریم، کێخوا حەسەن، حەسەن حوسێن، فەرحان عەبدوڵڵا و حەسەن لاوە بوون. ئەمانە لە زۆربەی کاروبارەکانی گوند تا سەرەتای ساڵانی دووهەزاریش، لە هەموو کاروبارەکانی گوند بەشدارییان کردووە[٣٣].

---

(٣٠) کردوان – ویکی‌پدیا، دانشنامهٔ آزاد(wikipedia.org)

(٣١) پەیجی تایبەتی (هۆزی شێروانیەکانی سنوری شاری کۆیە).

(٣٢) پەیجی تایبەتی (هۆزی بندیان).

(٣٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیف سەعید محەمەد ٢٠٢٣/١/١٥ لە شاری هەولێر

## ٢. ژن و ژنخوازی له گوندی مێرخوزار:

له زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانی کوردستان ژن و ژنخوازی به نەریتی جیاواز و تایبەت هەبووە، له گرنگترین ئەو نەریتانەش وەک: ژن بەژنی، شیربایی، ژنهەڵگرتن، بنپشک. ئەم چوار جۆرە ژنهێنانە، هەرچواریان له دەشتی هەولێر بەگشتی و گوندی مێرخوزار بە تایبەتی هەبوونە. بەڵام ئەوەی کە لە هەمووان زیاتر له گوندی مێرخوزار باو بووە. زیاتر ژن بە ژنی بووە. بە جۆرێک زۆر جار لە کوردەواری دەیانگووت، (ئەوەی خوشکی نەبی، بە زگورتییاتی سەر دەنێتەوە). ئەمەش یان له چوارچێوەی گوندەکە بووە، واتە لەناوەوەی گوندەکە ژنیان بەم شێوە مارەدەکرد یاخود ژنبەژنیان لەگەڵ گوندەکانی دیکەدا دەکرد[٣٤].

جۆرێکی دیکە، ژنیان هەر بە بچووکی مارە دەبڕی، واتە هەر بە بچووکی، لە ساوایی، کچەکەیان لە کەسێک مارەدەکرد، بەبێ ڕاوەرگرتنی کچەکە، ئەمەش ژنهێنانی گەورە بە بچووک یان (بنپشک)یان پێ دەگووت، واتە ئافرەتێک لە پیاوێک مارەدەکرا بێ ئەوەی یەکتریان بوێت. ئەم نەریتە لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان و لە گوندی مێرخوزاریش هەبووە[٣٥].

سەبارەت بە (شیربایی) یان (شیربەها) کە بە (باشلیق)یش دەناسرێت، نەریتێکی کۆنە کە بڕە پارەیەکە، زاوا پێش هاوسەرگیری و جیا لە مارەیی، دەیدات بە خێزانی بووکەکە، ئەم بڕە پارەیە وەک یارمەتییەک دێتە پێش چاو بۆ ئامادەکردنی کاروباری بووکەکە، کارێکی ناباشە و لە ئیسلامدا حەرام کراوە. هەتاوەکو ئێستا هاوسەرگیری شیربایی لە هەندێک لە شار و ناوچە دوورە دەستەکانی کوردستان ئەنجام دەدرێت. بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠١١، ڕووی لە کەمی کرد و شێوازی شیرباییەکانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، مێژووی شیربایی دیار نیە، ئەوە نەریتێکە لە کوردستاندا هەیە، بە هۆی گەڕان و چالاکییەکانەوە ئەو دیاردەیە ڕووی لە کەمی کردووە، جاران لە دەشتی هەولێر و گوندی مێرخوزار، شیربایی یەکێک بوو لە مەرجەکانی هاوسەرگیری، بەڵام وردە وردە بەرەو

---

(٣٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵڵا سەعید محەمەد ٢٠٢٣/١١/٢٤ لە ساری هەولێر.

(٣٥) هەمان سەرچاوە.

کاڵبونەوە ڕۆشت، ئەوەش بەهۆی ئەوەی شەرع نەهی لێکرد خەڵکێکی زۆر وازیان لێهێنا[٣٦].

بە هەرکام لەم ڕێگایانە، دوای ئەوەی کچەکەیان مارە دەکرد، بوخچە و بارگە جیهازیان لە شاری هەولێر بۆ بوکەکە دەکڕی، ئەوەش بەپێی داهات و ئابووری خیزانەکەی بوو، کە دوو دەستە جلک و زێڕ و زیو و هەندێک جلوبەرگ و کەلوپەل و پێداویستی ماڵەوەشیان دەکڕی، دواتر وادەی ژنگواستنەوەکەیان دیاری دەکرد.

ماڵی زاواش هەڵدەستان بەداوەتکردنی هەموو خزم و دۆست و ناسیاوی گوندەکە و گوندەکانی دەوروبەر، جا ئەگەر کەسێک دەستڕویشتوو بایە، ئەوا خەڵکێکی زۆری بۆ ئاهەنگی کوڕەکەی داوەت دەکرد. چەند ئاژەڵێکیان سەردەبڕی نان و خواردنێکی زۆریان لە مەنجەڵی گەورە ئامادە دەکرد. کە زیاتر گۆشتی کاوڕ بە پڵاوساوار یان برنج بوو. هەروەها بە سەماوەری گەورە چایی ئامادە دەکرا. میوانەکانیش بێ دەست و دیاری نە دەهاتن، دیاریەکانیش گیسک، شەکر و برنج و ڕوون بوو. هەروەها ڕۆژێک پێش گواستنەوەی بووک، ژنێک ئەچووە ماڵی بووک پێی دەوترا (بەربووک)، دەست و سەری بووکەکەی لەخەنە دەگرت، جوان دەیان ڕازاندەوە و ئامادەیان دەکرد، وە هەروەها لە ماڵی زاوا ئاهەنگیش دەکرا، دەهۆڵ و زوڕنایان دەهێنا خەڵکەکە، وەک شاباش پارەیان دەدایە زوڕنابێژ، گەورە بچووک ژن و منداڵ ئەوانەی بانگێشتی ئاهەنگەکە کرابوون، تا کۆتایی لەوێ دەمانەوە و هەندێکیان بەشداری هەڵپەڕکێیان دەکرد[٣٧].

### ٣. ڕۆڵی ژنان لە گوندی مێرخوزار:

لەمێژە گوتراوە لەپشت هەر پیاوێکی مەزن ژنێکی مەزن هەیە، چونکە لە خانەدانی پیاودا، ژنان دەور و ڕۆڵێکی گرنکیان هەیە. ژنانی گوندی مێرخوزار وەک هەموو ژنانی دیکەی کوردستان کاری قورسیان لەسەر شان بووە. وەک ئەوەی ژنان دەچوونە سەر

(٣٦) شیربایی لە سایتی زانیاری بڕوانە: (zaniary.com)

(٣٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕزگار سەعید ٢٠٢٣/٢/١٠ لە شاری هەولێر.

کانییەکان ئاویان بە پشت دەهێنا. ئەوکاتە ئاو لەماڵەکاندا نەبوو، وە هەروەها بۆ خۆشوشتنیش، منداڵەکانیان دەبردە سەر ئاوی کارێزەکان، لەوێ سەریان دەشوشت[٣٨].

سەبارەت بە ئیش و کاری ڕۆژانەش، ئافرەتان جێگە و پێگەیەکی دیاریان هەبوو شانبەشانی پیاو ئەرکیان دەکێشا، وێڕای منداڵ بەخێوکردن ئیش و کاری ناو ماڵ، کاری کشتوکاڵیشیان لەگەڵ پیاوان ئەنجام دەدا. زۆرجار دروونەیان دەکرد، گیشەیان دەکرد، کا و قەسەریان کۆدەکردەوە، بە پشت یان بە گوێدرێژ دەیانهێنایە ماڵەوە. ئەوکاتەش دەگەیشتنە ماڵەوە لە تەک چێشت ئامادەکردن، شوان بە گاڕانەوە دەگەڕایەوە، ئافرەتان هەوێزیان دەماڵی و مەڕیان دەدۆشی و ماستیان هێوێن دەکرد[٣٩].

هەروەها ژنان، کاری ڕستن وچنینیشیان دەکرد، خوری مەڕیان لە تەشی دەئاڵاند و دەیانڕست، پاشان بە شیشکە دەیانچنی، جلوبەرگ و لیفکە و گۆرەوی و کڵاویان لێ دروست دەکرد. هەروەها بەڕە و ڕایەخ و لبادیشیان دروست دەکرد[٤٠].

(٣٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ فەریدە سەعید محەمەد ٢٠٢٣/٢/١٥ لە شاری هەولێر.

(٣٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ نادیە سەعید محەمەد ٢٠٢٣/٢/١٧ لە شاری هەولێر.

(٤٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ گەلاوێژ نوورەددین محەمەد ٢٠٢٣/٢/٢٠ لە شاری هەولێر.

## تەوەری سێیەم/

# لایەنی ڕۆشنبیری و سیاسی گوندی مێرخوزار

### یەکەم. لایەنی ڕوشنبیریی و خوێندەواری :

#### ١. خوێندنی حوجرە:

بەر لە کردنەوەی قوتابخانەی فەرمی (میری)، خەڵکی مێرخوزار لە حوجرەکان، وانەی ئایینیان دەخوێند. مامۆستای ئایینی گوند، لە حوجرە وانەی دەگوتەوە کە بە قوتابییانی ئایینیان دەگوت (فەقێ) هەبوو کە لەلایەن خەڵکی گوندەکە بژێوی ژیانیان دابین دەکرا. لە دەرگای ماڵەکانیان دەدا هەرچیان هەبا پێشکەشی فەقێیەکانیان دەکرد[٤١].

حوجرەی گوندی مێرخوزار وەکوو هەموو حوجرەکانی کوردستان، جگە لە (قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر)، چەندین وانەی تریان تێدا خوێندراوە، کە زانستی وەک (بیرکاری و ئەندازیاری و ئەستێرەناسی و کیمیاو ژمێریاری و فیزیک..)یان لەخۆگرتبوو، پێیان دەگوترا (علومی مدونە)، فەقێیەکان هەم وەک وانە خوێندوویانن، هەم کتێبیشییان لە سەر داناون. سەبارەت بە تەمەنی قوتابی بۆ دەسپێکی خوێندن، لە تەمەنی نێوان (٨-١٢) ساڵاندا، یان (٧-١٠) ساڵاندا، دەخرانە بەر خوێندنی ئایینی، قۆناغەکانی ئەم چەشنە خوێندنەش تا دوا قۆناغ، بەلایەنی کەم (١٠) ساڵی ویستووە. ماوەی خوێندنی ئایینیش بۆ چەند قۆناغێک دابەشکرابوو، کە وانەکانی خوێندنی هەر قۆناغێک جیاواز بووە لە قۆناغێکی دیکە، قۆناغی یەکەم پێی گووتراوە (کیتابی)، کە دەستپێکی خوێندن بوو، قوتابی پاش ناسینی پیتەکانی عەرەبی، دەچووە سەر خوێندنی (قورئانی پیرۆز)، هاوکات دەبوایە چەند کتێبێکی وەک: عەقیدەی کوردی و ئەحمەدی تەواو بکات. ئینجا دەچووە قۆناغی دووەم، کە پێی دەگوترا (سوختە) و لەم قۆناغەوە قوتابی بە (فەقێ) ناودەبرا، لە حوجرەی مزگەوتێک شوێنێکیان بۆ دەکردەوەو چەند وانەیەکی وەک (تەسریف و عەواملی جورجانی و سەعدوڵڵای گەورەوبچوک و سەرف و نەحو)ی دەخوێند، پاشان دەچووە قۆناغی (موستەعیدی)، کە ئەویش چەندپلەیەکی هەبوو، وەک ناسکە موستەعید (موقەدییمات)، موستەعیدی تەواو،

---

(٤١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد نوورەددین محەمەد ٢٠٢٣/٣/١١ لە شاری هەولێر.

موستەعیدی دوا ماددەکان (موتەعەلیق). ئەمەش دوایین قۆناغەکانی خوێندنی ئایینی بوو، لەدوای تەواوکردنی ئەو قۆناغە، (موستەعید) لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتییدا، لەسەردەستی مامۆستایەکی ئایینی، کە پێی دەگوترا (موجیز)، (بڕوانامەی زانستی) وەردەگرت، ئینجا بۆی هەبوو لە مزگەوتێکدا کاری مەلایەتی بکات، سەبارەت بە زمانی خوێندنییش زۆرترین جار بە زمانی عەرەبی بووە، بەڵام زمانی فارسیش گرنگی زۆری پێدراوە، ئەمە لەکاتێکدا کە (فەقێ) بە هۆی گەڕانی بەردەوامی بەدوای خوێندندا لە ناوچە جیاوازەکاندا، هەمیشە لە زمانێک زیاتری زانیوە. خوێندنی ئایینیش خوێندنێکی ئازاد بووە، ڕەوتی خوێندن بە هەموو شێوەیەک پشتی بە هاوکاری و یارمەتی خەڵکی ئەو شوێنە بەستووە، کە قوتابخانە ئایینیەکەی لێبووە. حوجرەکانی خوێندن، جگە لە بایەخدانیان بە زانستە ئایینیەکان و زانستە سروشتی و مرۆییەکانی دیکە، مەڵبەندی ڕۆشنبیری گشتیش بوون، هەروەها سەرچاوەیەک بوون بۆ پێگەیاندنی چینێکی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگادا[٤٢].

بنەماڵەی (مەلا ئەحمەد صائیم)، لە حوجرەی گوندی مێرخوزار چەندین ساڵ وانەیان گوتووەتەوە، ماموستا (مەلا سەعیدی کوڕی مەلا ئەحمەد)یش لەوێ مودەڕیس بووە، ئەو مەلا سەعیدە، دەکاتە برای ماموستا مەلا تەیب. براییێکی دیکەیان ناوی مەلا موحیەددین بوو، کە بە مەلا هەوایی ناوبانگی دەرکردووە. مەلا هەوایی شاعیرێکی دڵتەڕ و بەسەلیقە بوو، ئەو برایانە بە ڕەسەن دەگەڕێنەوە سەر بنەماڵەی (مەلا ئەحمەد صائیم) [٤٣].

مەلا هەوایی شاعیر، کە بە فەقێیاتی لە خزمەت مەلا ئەحمەد خوێندوویەتی، دوای ئەو لە خزمەت مەلا محەمەدی مێرخوزاری خویندوویەتی، نموونەی ڕۆشنبیرێکی دیاری دەشتی دزەییاتی بە شێوەیەکی گشتی بووە، کاریگەری لەسەر خەڵکی ناوچەکە بە گشتی هەبووە. دوای مردنی چەند کوڕێکی لەدوای خۆی جێهێشتوە. یەکێک لەکوڕەکانی بە ناوی (مەلا سەعدوڵڵا) زاناییێکی دیاری لێ دەرچووە. ئەویش بووەتە مەلا و مودەڕیس، کە سەردەمانێک ڕوناکبیری کورد (شوکر مستەفا) وەک فەقێ، لەلای ئەو خوێندوویەتی.

---

([٤٢]) هۆشەنگ سالّح نەجاڕ، بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر ١٩٥٨-١٩٧٥، دەزگای ڕۆسا، هەولێر، ٢٠١٦، ل١١.

([٤٣]) چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕزگار سەعید ٢٠٢٢/١٢/١٤ لە شاری هەولێر.

هەروەها یەکێکی دیکە لەو مامۆستا دیارانەی لەو حوجرە خوێندوویەتی مەلا ئیسماعیل محەمەد بووە[٤٤].

دوای ئەوە مەلا عەبدوڵڵا دێت، دەبێتە مامۆستای مزگەوتی گوندی مێرخوزار، ئەو کات وتاری هەینی، لە گوندی مێرخوزار نەبوو. بەڵام مەلا عەبدوڵڵا لەگەڵ ئاغای گوند دەبێتە کێشەیان، بۆیە ناچاردەبێت گوندی مێرخوزار جێبهێڵێت. دوای ئەو مەلا خدر دێتە گوندی مێرخوزار، بەڵام ئەم مەلایەش لەگەڵ خەڵکی گوند دەبێتە کێشەیان، گوند جێدەهیڵێت، دوای ئەو مەلا عەوڵا ڕەحمان دەبێتە مەلا لە گوندی مێرخوزار بەردەوام دەبێت، تا وێرانکردنی گوندی مێرخوزار لە ساڵی ١٩٨٧، ئەو کاتە مزگەوتی گوندەکەش دەڕوخێندرێت. تاکو لە ساڵی ٢٠١٠ جارێکی دیکە مزگەوت لە مێرخوزار دروست دەکرێتەوە[٤٥].

**٢. خوێندنی فەرمی:**

سەبارەت بە خوێندنی فەرمی لە گوندی مێرخوزار، سالی (١٩٨٣) دەستی پێکرد، ئەو ساڵە بۆ یەکەمجار قوتابخانە لە گوندەکەدا کرایەوە. پێش ئەوکاتە، هیچ قوتابخانەیەک لە گوندی مێرخوزاردا نەبوو. خەڵکی گوند بۆ خوێندن ڕوویان کردووەتە قوشتەپە یان گوندی پیرداود، یان دەچوونە شاری هەولێر. کە بۆ یەکەمجار قوتابخانە کرایەوە، لەناو خانووێکی قوڕ دابوو، قوتابییەکان لەسەر، تەنەکە دادەنیشتن، واتە تەختەی دانیشتن (ڕەحلە) نەبوو، بەڵام ئاستی خوێندن لەوکاتەدا زۆر باش بوو، ئەوکات مامۆستا موحسین ناوێک سەرپەرشتی قوتابخانەکەی کردووە. کە زۆر بە چاکی و خەمخۆری خەریکی پێگەیاندنی قوتابییان بوو. ئەو کات زۆرباش ڕێز لە مامۆستا دەگیرا، هەروەها ئەکەر قوتابییەک کارێکی نەشیاوی بکردبووایە لێی دەدرا. خانەوادەی قوتابییەکەش ئەم لێدانەیان لا ئاسایی بووە، دەیانزانی مەبەست لێی پەروەردەکردنە، بۆیە دەهاتنە لای مامۆستا و دەیانگوت (گۆشتی بۆتۆو ئێسکی بۆ ئێمە). یەکێک لە مامۆستا ناسراوەکانی گوندی مێرخوزار کە جێپەنجەی لە پەروەردەکردنی منداڵانی گوندەکە دیارە، ناوی ماموستا ئەحمەد شێخو بوو، بەڕێوبەری قوتابخانەکەش ناوی مامۆستا محەمەد بورهان ئیسماعیل بوو[٤٦].

---

(٤٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕزگار سەعید ٢٠٢٢/١٢/١٤ لە شاری هەولێر.

(٤٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد نوورەددین محەمەد ٢٠٢٣/٣/١١ لە شاری هەولێر.

(٤٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ فەهد محەمەد ئیسماعیل ٢٠٢٣/٣/١٤ لە شاری هەولێر.

گرنگترین وانەکانی کە لەم قوتابخانەیەدا خوێندراون،ئەمانە بوون: (ئەلف و بێی کوردی، بیرکاری، زیندەوەرزانی، زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی، مێژوو، جوگرافیا، ئایین، پەروەردەی نیشتیمانی، کشتوکاڵ، وەرزش). لەتەک وانەزانستییەکاندا، بایەخ بەوانەهونەرییە کانی وەک وێنەکێشان دراوە. هەتاکو پۆلی شەش لە قوتابخانەی گوندی مێرخوزار هەبوو، هەر قوتابییەک پۆلی شەشی تەواوکردبووایە، دەچووە گوندی پیرداود لەوی قوتابخانەی دواناوەندی هەبوو، کە تەواوی دەکرد بۆ خوێندنی پەیمانگا یان کۆلێژ دەچوونە شاری هەولێر و زانکۆ و پەیمانگاکانی دیکەی دیکەی عێراق. یان لە پۆلی سێی ناوەندییەوە دەچوونە خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی هەولێر و دەبوونە مامۆستا. بەم شێوەیە قوتابخانە تا ساڵی ١٩٨٧ بەدەوام بوو، لە پێگەیاندنی قوتابییان[٤٧].

**دووەم. لایەنی سیاسی گوندی مێرخوزار:**

خەڵکی گوندی مێرخوزار شانبەشانی زۆربەی ئاوایییەکانی دیکەی کوردستان، بەشداری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردییان کردووە و ڕۆلیان گێڕاوە، لەو ڕووداوانەش وەک:

**١. شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨:**

شۆڕشی چواردەی تەمووز لە عێراق، وەک شۆڕشێکی سەربازی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە ڕووداوێکی گرنگی مێژووی ئەو وڵاتە دادەندرێت، لە لایەک کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی (١٩٢١–١٩٥٨) هێنا، کە ماوەی (٣٧) ساڵ بوو فەرمانڕەوایی وڵاتی عێراقی دەکرد، لەلایەکی دیکەوە کۆتایی بە داگیرکردنی ناڕاستەوخۆی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە هێنا، کە لە پێشدا زۆربەی بڕیارە چارەنووسسازەکانی ئەو وڵاتە، لە بەرژەوەندی ئەواندا یەکلادەکرانەوە. ئەگەرچی ژمارەیەک ئەفسەری باڵای سوپای عێراق هۆکاری ڕاستەوخۆی هەڵگیرسانی شۆڕشەکە و سەرخستنی بوون، بەڵام بەشی زۆری خەڵکی عێراق، پشتگیری و پێشوازییان لە ڕووداوەکە کرد و هاوڕابوون لەسەر چەسپاندنی بنەماکانی. لە یەکەم بەیاننامەی شورشدا کە لەلایەن عەبدولکەریم قاسم وەک فەرمانده‌ی گشتیی هێزە

---

(٤٧) هەمان سەرچاوە.

چەکدارەکانی عێراقی بڵاوبووەوە، بەڵێنی ماف و ئازادییان بە خەڵکدا. بە بیستنی ئەو بەیانە، گەلی کورد لە باشوری کوردستان ڕابوو، نوقڵیان بڵاوکردەوە و بە شایی و هەڵپەڕکی جەژنیان گرت و ئەو ڕوژەیان پیروز کرد. شاروشارۆچکەکانی سلێمانی و هەولێر و کۆیە و دهۆک و زاخۆ و ئامێدی لەژێر ڕێنمایی پارت و ڕێکخراوەکان ڕاپەڕین[٤٨].

لەم نێوەندەشدا گوندی مێرخوزار پاڵپشتی کودەتا سەربازییەکەی گەلی عێراقیان دژ بە ڕژێمی پاشایەتی و ئەو هەموو زوڵم و ستەمە کردووە. کە بووە مایەی ئەوەی دڵخۆشییەکی زۆر بۆ خەڵکی مێرخوزار بهێنێت و دڵیان زۆر پێی خۆش بووە. دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی شۆڕش، خەڵکی سکتان لەو ڕۆژەدا خۆشیان دەربڕیوە و ئاهەنگیان گێڕاوە و بە شایی و هەڵپەڕکێ و بەخشینەوەی نوقڵ و شیرینی خۆشیان دەربڕیوە.

### ٢. شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١:

لەدوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، بەیاننامەی لێبووردن بۆ بارزانی و هاوەڵەکانی دەرچوو، دوای دوانزە ساڵ دەربەدەری لەناو یەکێتی سۆڤیەتدا، بارزانی و هەڤاڵەکانی گەڕانەوە بۆ عێراق و حکوومەت خانووی بۆ بارزانی دابین کرد لەناو بەغداد، سەرجەم کورد، بەم گەڕانەوەیەی بارزانی دڵخۆش بوون و دووبارە گەشانەوە. لە نێوان ساڵانی (١٩٥٩-١٩٦٠) جموجۆڵی پارتی لەگەشەکردن و پەرەسەندن دابوو بەبەردەوامی کۆبوونەوەیان لەناو بەغدا بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی سازدەکرد. عەبدولکەریم قاسم ئەمەی بەدڵ نەبوو، کەوتە بیانووگرتن بە پارتی و سەرکردەکەی، لەلایەکی دیکەوە تورکیا لەلای خۆیەوە سەدان ڕۆشنبیری کوردی گرت و لەبەندیخانە توندی کردن و ئێرانیش بەهەمان شێوە کەوتە بڵاوکردنەوەی ترس و ڕاوەدوونانی ڕۆشنبیرانی کورد، لە ڕۆژئاوای ئێراندا. لەناو عێراقدا، بارزانی هەستی بەنیازخراپی ڕژێم کرد و بەغدای بەجێهێشت و ڕووی کردەوە ناوچەی بارزان و لە

---

(٤٨) هۆشەنگ سالح نەجار، بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لە شاری بەغداد، تێزی دکتۆرا، بەشی مێژوو-کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر، ٢٠١٧.

یازدەی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ شۆڕش دەستی پێکرد[٤٩] بۆ ماوەی سێزدە ساڵ و نیو بەردەوامی هەبوو و تاکو ١٩٧٥/٣/١٩.

گوندی مێرخوزار رۆلیکی بەرچاوی لە شۆڕشی ئەیلوولدا بینیوە، خەڵکی گوندەکە هەر لەسەرەتاکانی شۆڕشەکە، بەشدارییان کردووە و لە شەڕەکاندا بەشدارییان کردووە:

١. مام سەعدی کە ناسراوە بە سەعدی گەورە کە هەمیشە سەرپەل بووە.

٢. عومەر عەبدوڵلا.

٣. سەمەد تەها.

٤. ئەحمەد محەمەد دەروێش

٥.حەسەن نوری

٦. ئەحمەد محەمەد

٧. عەزیز حەمەد سلێمان

ئەمانە رۆلیکی گرنگیان لە شۆڕشی ئەیلوولدا بینیووە. لەگەڵ ئەمەشدا گوندی مێرخوزار چەند شەهیدێکی داوە، لەوانەش وەک: جەمال ئەنوەر حەسەن، سەفین سابیر حەسەن، سابیر حەسەن، ڕەشۆ، رەمەزان ، جەوهەر جەمیل، ئەحمەد رەمەزان[٥٠].

**٣. جەنگی عێراق و ئێران:**

شەڕی ئێران و عێراق لە (ئەیلوولی ١٩٨٠–ئابی ١٩٨٨) شەڕێکی چەکداری بوو، لە نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و عێراق هەڵگیرسا، بۆ ماوەی ٨ ساڵ بەردەوام بوو. ئەم شەڕە لە ئێران بە ناوی بەرگری پیرۆز و لە عێراق بە ناوی قادسیەی سەدام و شەڕی یەکەمی کەنداودەناسرێت.

ئەم شەڕە سەرەتا بە هێرشی هێزەکانی سەدام، سەرۆک کۆماری ئەو سەردەمی عێراق بۆ سەر ئێران دەستی پێ کرد، لە کاتی هێرشەکە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران تازە سەرکەوتووبوو و دۆخی ئەرتەشی ئێران زۆر شێواو و ئاڵۆز بوو. لە لایەکی دیکەوە عێراق لە دۆخێکی باشدا بوو، باری ئابووری لە گەشەکردندا بوو، کە سەدام ویستی بۆ

(٤٩) شەوکەت مەلا ئیسماعیل، رۆژانی لەمێژووی شۆرِسی ئەیلوول، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٧، ل٣٢.

(٥٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ نەجات نورەددین محمد لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٣/١٤ لە شاری هەولێر.

ئەوە ببێتە وڵاتی یەکەمی ناوچە، هەروەها بۆ ئەوە کە پەرە بداتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی و بەم شێوە کامی لە ئاڵۆزی ئێران گرتبیت. لە لایەکی دیکەوە ئێران، ئنقلابێکی ئیدیۆلۆژیکی کردبوو و دەیویست ئەم شۆڕشە پەرە بداتە سەر وڵاتانی دەوروبەری خۆی بە تایبەت عێراق کە کەمینەیەکی زۆر گەورە شیعەی هەبوو. نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆتایی هێنان بەم شەڕە لە ساڵی ١٩٨٧ دا بڕیارنامەی ژمارە ٥٩٨ی دەرکرد. بەڵام ئەم بڕیارنامەی هەتا ساڵی ١٩٨٨ نەهاتە کایەوە. لە دوای سولْح، ئێران و عێراق گەڕانەوە بۆ سەر سنووورە پێشووەکانیان کە بە پیی ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥ دیاری کرا بوو .هەتاکوو ساڵی ٢٠٠٣ ئاخرین سەربازانی بە دیل گراوی دوو لایەنی شەڕەکە پێکەوە ئاڵوگۆر کران. ئەم شەڕە گیانی نیو ملیۆن سەربازی هەر دوو لای گرت، زیانێکی گەورەی تووشی هەر وڵات کرد بەڵام لە ئاکامدا هیچ سنوورێک جێبەجی نەبوو. لەم شەڕەدا خەڵکێکی زۆر بوونە قوربانی بەکاهێنانی چەکی کیمیایی و چەندین ڕووداوی گەورەی کۆمەڵکوژی) وەکوو :کیمیابارانی هەڵەبجە (تێدا ڕووی دا. لەم شەڕەدا شارە کوردنشینەکان چەندین جار بۆمباران کران و خەڵکێکی زۆر بوونە قوربانی(٥١).

حکوومەتی عێراق بۆ شەرەکە (سەربازی بە زۆرەملێ-تجنید الاجباری)ی ڕاگەیاند، ئەمەش هەموو عێراقی بە کوردستانیشەوە گرتەوە. بۆ نموونە لە دەستپێکی شەڕەکە ساڵی ١٩٨٠ لە دایکبووانی ساڵی ١٩٥٧یش دەبووایە بەشداربن. لە گوندی مێرخوزار ئەم کەسانە بەشداری شەڕەکەیان کرد و بە زۆری ڕاپێچی بەرەکانی شەڕ، لە خواروی عێڕاق و بەسرە و مەجنوون و شەلامچە و دیزفوول و ناوچە سنوورییەکان، کران:

١. ئەحمەد محەمەد مەحمود.
٢. عومەر عەبدوڵڵا مەحمود.
٣. عەلی عەبدوڵڵا مەحمود.
٤. شێرزاد بەهرام جەمیل.
٥. حەمەدەمین نوری إبراهیم.
٦. عەبدوڵڵا سەعد(٥٢)

---

(٥١) شەڕی ئێران و عێراق - ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد(wikipedia.org)

(٥٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ نەجات نورەددین محمد لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٣/١٤ لە شاری هەولێر.

**ئەنجام:-**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١. گونـدی مێرخـوزار ، گونـدێکی ناسـراوی دەشـتی دزەییـاتی هەولێـرە، ڕۆلێکـی دیـاری لە گۆڕەپـانی ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیریی دەشـتی هەولێـردا گێـڕاوە، لەڕێگـای چـالاکی ئـابووری و ڕۆشـنبیریی و سیاسـی و کـۆمەڵایەتی. سـالانێک (هەتـا پـێش تێکـدانی لە سـاڵی ١٩٨٧) زۆر خزمەتـی ئەو لایەنـانەی کۆمەڵگەی کوردی کردووە.

٢. گونـدی مێرخـوزار (بە نـاوێکی دیـکە)، مێژووییێکـی کـۆنی هەیە، بە جۆرێـک تـا ئێسـتا بە دروسـتی نازانـدرێت، کەی دروسـت بـووە. سـەرچاوەیەک پێـی وایە کە لەسـەردەمانی کۆنـدا ئەم گونـدە لەگەڵ گونـدی گۆسـکەی هاوسـنووری یەک بـوونە، گونـدی گۆسـکەش چەنـدان شـوێنەواری سـەردەمانی کـۆنی ئاشـووری لـێ دۆزراوەتەوە. کەواتە ئەگەر مێرخـوزار بەشـێک بووبێـت لە شارسـتانییەتی دەوڵەتـی ئاشووری، دەبێت مێژووی ئەم گوندە بۆ زۆر پێش هاتنی ئیسلام بگەڕێتەوە،

٣. گونـدی مێرخـوزار، لە تەک کـار و چـالاکی سیاسـییدا، گەلێـک هەڵوێسـتی نەتەوایەتـی بەرچاویشـی هەبـووە، کە لە قۆنـاغە جیاوازەکـانی مێـژووی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد لە شـاری هەولێـر ڕەنگـی داوەتەوە، تەنـانەت زۆرجـار بە هۆیـانەوە دووچـاری دەردەسـەری و نالەبـاری هـاتوونەتەوە، ئەو هەڵوێسـتانەش زیـاتر لە چـالاکییە نەتەوەییەکـان و بەشـداری لە ڕووداوە سیاسـییەکان ڕەنگـی داوەتەوە.

٤. گونـدی مێرخـوزار، سـەرچاوەیەکی گرنگـی ئـابووری هەولێـر و کوردسـتان و عێـراقیش بـووە، بەتـایبەت لە ڕووی بەروبـومی دانەوێـڵە و ئاژەڵـداری و بەرهەمـی ئـاژەڵی وەک ماسـت و سـپیمەنییەکان. کە ماسـتی گونـدەکە بـۆ بازاڕەکـانی هەولێـر و کەرکووک و بەغداش نێردراوە

٥. حـــوجرەی گونـــدی مێرخـــوزار، حـــوجرەیەکی بەناوبانـــگ بـــووە. وەکـــوو هەمـــوو حوجرەکـــانی کوردســـتان، جـگە لە (قورئـــان و فەرمـــوودەی پێغەمـــبەر)، چەنـــدین وانەی تریـــان تێـــدا خوێنـــدراوە، کە زانســـتی وەک (بیرکـــاری و ئەنـــدازیاری و ئەستێرەناســـی و کیمیـــاو ژمێریـــاری و فیزیک..)یـــان لەخۆگرتبـــوو، پێیـــان دەگـــوترا (علـــومی مـــدونە)، فەقێیەکـــان هەم وەک وانە خوێنـــدوویانن، هەم کتێبیشـــییان لە ســـەر دانـــاون. زانـــای ناســـراو لە گونـــدەکە دەرســـیان داوەتەوە، وەک مەلا ئەحـــمەدی ســـائیم و چەنـــدان فەقێی هەبووە.

٦. گوندی مێرخوزار، نموونەیەکی بچووکی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، هەمان ئەو سیمایانەی کە لە تێکڕای کۆمەڵگادا هەن، لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە گوندی مێرخوزاریشدا، بوونیان هەبووە. لە ڕووی ئابوورییەوە کۆمەڵگای کوردەواری زیاتر پشتی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەستووە. لە ڕووی کۆمەڵایەتییشەوە، پابەندبوون بە دابونەریت و ئایین، دوو بنەمای سەرەکی گوندەکە بوونە.

## لیستی سەرچاوە


### یەکەم. کتێب:

- ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب١، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩.
- عەبدوڵڵا غەفوور، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٥.
- هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر ١٩٥٨-١٩٧٥، دەزگای ڕۆسا، هەولێر، ٢٠١٦.
- هۆمەر دزەیی، لە دووگردکانەوە بۆ بنی دونیا، دەزگای فام، هەولێر، ٢٠٢٠.

### دووەم. تێزی زانکۆیی:

- هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لە شاری بەغداد، تێزی دکتۆرا، بەشی مێژوو-کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر، ٢٠١٧.

### سێیەم. چاوپێکەوتن:

- نەجات نوردین محەمەد ٢٠٢٣/٣/١٤
- ئازاد نوردین محەمەد ٢٠٢٣/٣/١١
- ئەحمەد محەمەد مەحمود ٢٤ /١٢ /٢٠٢٢
- بورهان ئیسماعیل عەبدوڵڵا ١/٢٠ /٢٠٢٣
- چاوپ گەلاوێژ سەعید محەمەد ٢٠٢٣/٢/٢٠
- خەسرۆ خورشید حسین ١/٢٠ /٢٠٢٣
- ڕزگار سەعید محەمەد ٢٠٢٢/١٢/١٤
- شەعبان عومەر فرحان ٢٠٢٢/١١/٢٩
- عەبدوڵڵا سەعید محەمەد ٢٠٢٢/١١/٢٤

- فەریدە سەعید محەمەد ٢٠٢٣/٢/١٥
- فەهد محەمەد ئیسماعیل ٢٠٢٣/٣/١٤
- کەریم قادر ئیسماعیل ٢٠٢٣/١/١٥
- لوقمان عومەر عەبدوڵڵا ٢٠٢٣/١/٢٠
- لەتیف سەعید محەمەد ٢٠٢٣/١/١٥
- نادیە سەعید محەمەد ٢٠٢٣/٢/١٧

## چوارەم. پێگەی ئەلیکترۆنی:

- ئەمڕۆ سەدەمین ساڵیادی لە دایکبوونی مامۆستا «هەژار موکریانی» کیمیاگەری ئەدەبی کوردییە(kurdpress.com)
- پەیجی تایبەتی (هۆزی بندیان).
- پەیجی فەیسبووکی (عەنتیکەخانەی کوردەواری).
- پەیجی هۆزی شێروانی
- سایتی قوشتەپە| پارێزگای هەولێر(hawlergov.org) Erbil Governorate – .
- شیربایی لە سایتی زانیاری بڕوانە: (zaniary.com)
- مێرخوزار | هەنبانە بۆرینە | ڤەژینلێکس(vejin.net)
- هۆمەر دزەیی – ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد(wikipedia.org)
- ویکئ پیدیا-دانشنامه ئازاد(کردوان)